# مام ڕەسووڵ

تازە گزینگی هەتاو منارەی مزگەوتی گەورەی ئەگوتبوو. هەر خۆی دەیزانی بۆ چی بەو بەیانییە زووە لە ماڵ دەرکەوتبوو. لە سەر سەکۆی قەڵا بەرزەکەی نێوەڕاستی شار ڕاوێستابوو. بە لەنگەری گۆچانەکەی خۆی بە سەر پێوە ڕاگرت بوو. قەفێکی تەواو چەمابوەوە و بە سیلەی چاوە کزەکانی دەیڕوانییە تەبەقی ڕۆژ. بە پشتێنە کودەرییە ڕەنگ کاڵەوە بووەکەی، چڵمی لووت و لیکەکەی سڕیی. بەرماڵە کەشی کە لە دوای مردنی هاوسەرەکەی بۆی ببوە یادگاری تەمەنی تێپەڕبووی و زۆرترش لە جاران هەستی بە هاوڕێیەتی لەمێژینەی دەکرد لە سەر شان و ملە چەماوەکەی چۆغەکەی داپۆشی بوو. ئاخێکی هەڵکێشا و هەناسەی لە دەروونیدا تاسا. بە کۆمەکۆم و لاتراسکە بەستن هێدی و لە سەرخۆ لە لێژی قەڵاوە سەر بەرەوخوار بۆلای حەوز و مزگەوتەکە داگەڕا.

کزەبایەکی ساردی پاییزی ڕوخساری خەواڵوی باوەشێن دەکرد. لە بەرەبەیاندا نەرمە بارانێک کۆڵان و شەقامەکانی ئاوپژێن کردبوو. کۆڵانەکە لە بەرچاوی وەکوو خەونێک وابوو کە زۆر جار لە شەوی پاییزدا لە سەر خەرمان لە نێو لۆدەکای پاش خۆیانی هەڵدراوەدا دیتبووی. بۆنی کاگڵی بە باران پژاویش وەکو جاران بۆی ئاشنا بوو. دەڕۆیشت و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

« ئەمەش بەشی من، پیری عاقیبەت شەڕ خۆم »

بیرەوەریکی تاڵ و دڵتەزێن لە ناخیدا چڕۆی کرد. هەواڵی کوژرانی کوڕەکانی هاتەوە بیر بیرەوەری تێکەڵاو بە ئاڵۆزی دەروونی دەبوو. خەم و پەژارەش دەمارەکانی لەش و گیانی لە بەریەک بردبوو. ڕق و قینیش لە دڵیدا پەنگیخواردبووەوە..سیمای ڕۆمانێکی نە نووسراو بوو. سەری هەڵبڕی، چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد. تارماییەک دەهاتە بەرچاوی، بەڵام بە تەواوی نەیدەبینی. چاوەکانی سۆمایان نەمابوو. کەمێکی پێچوو دەنگێک لە گوێیدا زرینگاوە. چەن هەنگاوی دی ڕۆیی، گوێی لێبوو کەسێک بانگی لێکرد:

« ڕەسووڵ! ئەوە خێرە بەم بەیانییە زووە لەماڵ دەرکەوتوی، ئەوە بۆ کوێ دەچی ؟ »

مام ڕەسۆڵ بە دەنگیدا ناسیەوە، فاتێ بێوەژنی هاوسێی خۆیان بوو،لە وەڵامدا گوتی:

« فاتە ئەوە تۆی، چۆنی ئەی ئەوە خۆت بۆ کوێی دەچی ؟ »

پوورە فاتم گوتی:« وەڵڵە ڕەسوڵ گیان باش نییم، هەمیشە نەخۆشم، شەوانە لە بەر ئێش ئازاری لەشم خەوم لێناکەوێ، ئۆقرەم لێهەڵگیراوە، هەر هیچم بە بەرەوە نەماوە، پەکم کەوتووە، پیری و سەت عەیب، ئەی تۆ خۆت چۆنی، واز و گوزەرانت باشە؟»

مام ڕەسوڵ بە دەنگێکی گڕەوە کە لەکانگای ئازاری تەمەنی چەن ساڵەیەوە دەهاتە دەرێ هاتەوە قسە و گوتی:« جا،فاتە گیان چۆن بم، لە لێواری قەبرم، ها ئەمڕۆ بمرم ها سبەینێ، زەلیلم، ئەمە چەن ڕۆژە هەموو بەیانییەک ئەمە ڕێگەمە، بۆ بەدبەختی خۆم هەموو جارێک بە ناهومێدی دەگەڕێمەوە، تۆ نازانی زۆر نەخۆشم. نان و ئاوم لێحەرام بووە، هەموو ئائزای ئەندامم ژان دەکا، هیچ کەسێکیش شک نابەم کە ئاوڕێکم لێ بداتەو »

پوورە فاتم گوتی:« باشە ڕەسوڵە دوکتور ناڵێ ناساخییە کەت چییە و چ نییە؟ »

مام ڕەسوڵ گوتی: « هەی بێ بەڵابی، وتنی چی وشتی چی، کچێ خۆ نۆبەم وەبەر ناکەوێ. هەر ئەمڕۆ نا سبەینێم پێدەکەن، هەر ناهێڵن دوکتور ببینم، ئەوندەی شەل وکوێری وەکوو من لێیە کەس بە سەر کەسەوە نییە، دەڵێن دەرمان دەس ناکەوێ بەڵام بۆ دەوڵەمەندەکان هەیە، نازانم لە کوێی دێنن! کچێ هەر فەقیر و هەژار تێدا دەچێ و ماڵ وێران دەبێ، ئەوەتا خەڵکی ئەم شارە دەزانن کە سێ کوڕم بە مەینەتی گەورە کرد و پێگەیاند، ئەوەتا هەر سێکیان کوژران، منیش بێکەس وکار ماومەتەوە، بۆ نەگبەتی ئەم دونیای »

مام ڕەسووڵ و فاتێ بێوەژن بە قسەی لێرە ولەوێ کردن و ئاخ هەڵکێشان بۆ ژیانی خۆش و ناخۆشی ڕابردوو خۆیان گەیاندە نەخۆشخانەکەی شار. لە ساڵۆنی نەخۆشخانەکەدا خەڵکێکی زۆر، دەس لە مل هەڵبەسراو، نەخۆش و داماو چاوەڕوانی هاتنی دوکتور بوون. پیاوێکی قیت و قنج و بە کەیف ڕووی لە مام ڕەسووڵ کرد و بە دەنگێکی بەرز و لە خۆڕازییەوە پرسی : « دوکتور نە هاتووە ؟ »

مام ڕەسووڵ پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، بە لەنگەری گۆچانەکەی خۆی لە سەر پێڕاگرتبوو. لە جوابدا بە دەم ناڵە ناڵەوە گوتی : « نازانم، ئەوندە دەزانم کە من لەمێژە لێرەم دوکتورم نە دیوە، بە ناخێری گیانم هاتووم بۆ لای دوکتور، مەگەر خودا خۆی بزانێ چەندە نە خۆشم، لە بەر ئێش وئازار خەوم لێناکەوێ، خواردنیشم لێحەرام بووە، ئەمە چەن ڕۆژە هەموو بەیانییەک لە پێش هەموو کەسدا دێمە ئێرە هەر جارێکیش کە هاتووم جوابیان کردووم ، نازانم چ بکەم و خاکی کوێ بە سەر خۆمدا بکەم »

کابرای قیت وقنج ڕووی خۆی وەرگێرا و گوێ نەدا بە قسەکانی مام ڕەسووڵ. بەڵام، مام ڕەسووڵ لە سەری ڕۆیی ودەردە دڵی کرد. لە سەر و بەندی قسەکانی مام ڕیسووڵ دا خەبەریان دا ئەوە شوکر دوکتور هات. زۆری پێنەچوو کوڕێکی باڵابەرزی بە دەماخ،بە چاوە تریفەدارەکانی سەرنجێکی خەڵکەکەی دا وەکوو فریشتەیەکی سپیپۆش لە چاوان ونبوو.

کابرای قیت وقنج لە سەر سەندەڵیەک دانیشتبوو. قاچێکی نابووە سەر قاچێکی،کە ئەو خەبەرەی بیست، بە گوڕ لە جێگای خۆی ڕاستەوە بوو، چووە پێش درگای ژوورەکەی دوکتور و بە شێوەیەکی فەرماندەرانە بە کابرای درگاوانی گوت : « بە جەنابی دوکتور بڵێ حاجی کومێتە لێرەیە و کاری بە جەنابتە « درگاوانەکە بە بیستنی ناوی حاجی و کومێتە تەواو شڵەژا و بە پەلە خۆی کرد بە ژوورەکەی دوکتوردا. زۆری پێنەچوو هاتەوە بە فەرموو فەرموو درگای بۆ حاجی خستە سەر گازی پشت.

نەخۆشەکان وێکڕا کردیان بە هەرا وهوریا. چەن کەسێک بە تووڕەیە وە چوون بە گژ درگاوانەکەدا. پیاوێک کە منداڵێکی بە باوشەوە بوو زۆر بە تووڕەییەوە هاواری کرد :
« بۆ نۆبە بڕی دەکەی؟ خۆ نۆبەی ئەو نە بوو، چ خودا هەڵدەگرێ! خۆ ئێمە کافر نین و ئەو موسوڵمان، ئێمەش موسوڵمانین وەکوو ئەو، بۆ فەرق و جودایەتی دەخەی؟ »
بە دوای قسەکانی ئەودا، بوو بە هەرا و بگرە و جێمکە وڕێم بەردە و پاڵ پێوە نان. لاوێک کە بە ڕواڵەت و جلوبەرگیدا خوێندەوار دەهاتە بەر چاو هاتە جواب و گوتی: « حاجی تا دوێنێ دوعای بۆ عومر و ماڵی شا دەکرد، کەچی ئەمڕۆکە هەمە کارەی کومێتەیە! ناوی خۆی ناوە حاجی» ئاوڕێکی داوە و ڕووی کردە مام ڕەسووڵ ولەسەری ڕۆیی: « ئەوەتا ئا ئەم پیاوە هەژارە سێ کوڕی شەهید بووە، ئەوەتا خۆشی لەوانەیە بمرێ بۆ دەبێ وابێ ؟» بۆ دڵدانەوەی مام ڕەسووڵ گوتی :« مامە گیان ،ناڕەحەت مەبە ئەم دەردە تەنیا دەردی تۆ نییە، ئەمە دەردی زۆربەی میللەتی ئێمەیە، خەڵکی دیکەش هەر وەکوو تۆ وان، دڵت لە خۆت دانەمێنێ »
خەڵکەکە گوێیان دابووە قسەکانی کوڕە وزۆریان پێخۆش بوو. بەڵام بە باشی لێی حاڵی نە دەبوون. ئەوانەش کە لێی تێدەگەیین نەیاندەوێرا دەنگی لە گەڵ هەڵبڕن مام ڕەسووڵ بە بیستنی قسەکانی ئەو کوڕە و دڵخۆشی دانەوەکەی خوێنی هەتا جۆش وکوڵا. خۆی دەکوتی کە بچێتە پێشەوە، بەڵام هێزی نەبوو. خەڵکەکەش هەر خۆیان تێ دەترنجاند هەر کەس لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی زووتر نۆبەی وەبەر کەوێ. مام ڕەسووڵ بە هەر حاڵێک بوو خۆی گەیاندە بەردرگای ژوورەکەی دوکتور. دەستەکانی کەوتبوونە لەرزین. ئاواتەخوازی هێزەکەی جاری جارانی بوو، باڵام داخی داخانم . . .
فاتێ بێوەژنیش لە گۆشەیەکی ساڵۆنەکەدا لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو. دوعای دەکرد و دەپاڕاوە و دەیگوت :« خوا خۆی کاری هەموو موسوڵمانان ڕاست بێنێ، ئۆممە تی محەممەد هەر دەبێ ڕوو لە درگای خودا بکەن، خودا خۆی لەو دونیا جەزای بە خێرمان بداتەوە، خەڵکی ئەم زەمانە ئەوندە خراپ بوون هەر باشە کە خودا غەزەبمان لێناگرێ »
کوڕە لاوەکە لە لایەکەوە قسەکانی فاتێ بێوەژنی پێناخۆش بوو، لە لایەکی دیکە شەوە ، دڵی بۆ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە دەسووتا، سەری دەلەقاند و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:« تا ئەم میللەتە تێبگەن و لە سەر حەقی خۆیان بێنە جواب زەمانێکی دوور و درێژە «
زۆری پێنەچوو نیگابانی نەخۆشخانەکە و دوو کەسی دی وەژوور کەوتن ودڕیان بە خەڵکەکەدا و چوونە پێش، ڕاست چوون بەرەو ڕووی کوڕەکە ، بە بێپرس و جواب دەستی کوڕەیان بەست و وەپێش خۆیاندا و بردیان و ڕۆین. لە نێو خەڵکە کەدا چەن کەس بە سرتە دەیانچپاند بە گوێی یەکدا و دەیانگوت : « ئەوە چبوو، بۆ ئەو کوڕەیان برد؟ » مام ڕەسووڵ چاوی پڕ بوو لە فرمێسک پێوابوو کە ئەوەش چوارم کوڕی بوو گیرا و ئیدی نایبینێتەوە .

لەو کەین و بەینەدا بوو، لە پڕێکدا درگای ژوورەکەی دوکتور کراوە. مام ڕەسووڵ کە لە پێش درگاکە ڕاوێستا بوو تخێل بوو. بە ئاستەم نووزەیەکی لێوە هات. فاتێ بێوەژن هاواری دەکرد و لاڕوومەتی خۆیی دەڕنی و دەیگوت: « ئەیەڕۆ فریا کەون مەلا بانگ کەن با یاسینی

لە سەر بخوێنێ، ڕەسووڵ! نەخێر کوشتی، حاجی زگتێر کوشتی، درگاکەی دا بە سەریدا، کچێ بۆ خاتری خودا فریای کەون، ئەیەڕۆ خۆ ڕوحم و دڵ نەماوە.
لە گەڵ گریان و شیوەنی فاتێ بێوەژن و دەنگە دەنگی خەڵکەکە، دوکتور پێحسا، زۆری پێنەچوو هاتە دەرەوە کە چاوی بە مام ڕەسووڵ کەوت گوتی:« ئا دەی زوو لە سەر ئەو تەختە ڕایکێشن » پەرستارێک و یەک دوو کەسی دی یارمەتی فاتێ یاندا و تەرمی مام ڕەسووڵ یان لە سەر تەختەکە ڕاکێشا. دوکتور موعایەنەی کرد، ئاخێکی هەڵکێشا وگوتی:
« لای بەن تازە هیچ ناکرێ لێبوەتەوە ، بزانن کەس وکاری کێیە با بێن و بیبەنەوە »
نیگابانی نەخۆشخانەکە و دوو مەئموور بە مرومۆچییکی سەر سوڕهێنەرەوە بەرەو ڕووی خەڵکەکە هاتنەوە و گوتیان :« وەخت تەواو بوو بڕۆن ، بەیانی وەرنەوە !»

ڕەحمان سۆفی